www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 8-7-2006 1:30

# هەڵفڕین بەرەو خۆرهەڵات ... فەیسەڵ هەمەوەندی

(وونبون لەناخیخوددا .. گەڕانێکی فەلسەفیانەی دەوێت!!)
هەر کە دڵی پڕ دەبوو،یەکسەربە خەیاڵێك خۆی دەئاخنیە ناخی ئەو تابلۆیەی کە لە مەزادخانەکە کڕیبوی،بەمە خەیاڵ دەیبردەوە سەردەمێك،هەرگیز لەبیرچوونەوەی بۆ نەبوو..هەوڵ ماتی چاوپێکەوتنی بە تابلۆکە،هەستیدەکرد هیچ ڕێگایەکی لی دەر نەدەبرد،وەلی پاشان ڕەنگەکانی وادەهاتە بەرچاو،دەتگووت لەژیانەوەی کۆمەڵێك رووح دەدوێن، ئەم هەستەی لەوەوە بوو کە دیمەنی تابلۆکە بەو ڕەنگە فسفۆریە زیوینانەی کە بەبەریاکرابوو، لەدیمەنی بەرە بەیانێکی دەکرد،رووح بەسیحری ژیان ئاوێتە بکا، تابلۆکەی ئەوەندە پی سەیر نەبوو دا بیکڕی، بەڵام لەبەر هۆیەك هەستی کرد دەبوو بیکڕی .
کەبەمەزاد خانەکەدا شۆربۆوە، قەرەباڵغیەکی بینی قەتاری خەڵکەکە بۆ ئاپوراکە هەستێکی خۆهەڵقولتێنەرانەی لەدلا رسکاند، ئەمیش وەك ئەوان کەوتە سۆراخی مەبەست لە ئاپوراکە، وەك هەموو ئەوانەی لەوی بوون،هەولێن نیگای چووە سەر ئافرەتێك، سەرنجەکەی بەکۆمەڵێك بەزەییەوە تورِ دایە سەر سەری،وەکو پاسارییەکیش لەسەر خەڵفی ئەو خەیاڵە نیشتەوە کە دەڵی:
دەبی دەور چی بۆ حەشاردابی؟! دا گشت ئەو شت و مەکانەی نێو ماڵەکەی،بەخڕی لەسەر شەقامەکە مەزاد کردووە ( (دڵت پی دەسوتی ..!؟یا دڵت بۆی لێدەدا..!!؟نا خوا ئاگادارە چەندم بەزەیی پیادا دێتەوە.
منیش بەزەییم پیادا دێتەوە، بەڵام جاری نازانم لەکامین مەبەستتدا بەزەییکەم بۆ کردۆتە داو..!) هەستەکانی لە مەڕ بەزەییەوە،لەسەرووی گشت ئەو مەزەنانەوە بوون کە دەبی پیاو لە هەڵوێستی وادا چی بگەینی، واسەر جەم خەڵکەکە لیی خڕبوونەتەوە،چوون کرمێکی زامدار، لە قلّشی زەمینەیەك دەگەڕا بۆ خۆ مەلاس دان،مەلاسی ئەوەی نەك بۆنی کێم و برینەکانی ببنە سەرنج راکێشانی دڕندەکان .جارێکی تر ئاە و نزوڵەی ئافرەتەکەی لەژێر ئەو پەچە شەرمەدا بینیو قرچەی لە دلێدا هێنا. ( (ئای بەستەزمان،دەبیهەڵقرچانی دڵی تۆیش لەم کاتە پڕ شەرمەدا چۆن بی، ئەمێستا چ روویەکت نیگارە بۆ جوانی، کەوا لەنێو حەشامەتێك لەناو بەناوپیاو گیرۆدەیی شەرمەزاریت و تەواوی دڵە ڕەشپۆشەکەت لەنیوان دوو بەر داشی پیاوو ناپیاودا کەوتۆتە هاڕین) .
ئیدی هەر ئەوەندەی لەخۆیدا شك دەبرد، کەچاوێکی بە شت و مەکەکانیدا گڕدا،تا بەهەڵوێستێکی پیاوانە یارمەتی بدات و شتێکی لی بکڕی. شەرمەزاری ئافرەتەکە سەری پی هەڵنەبڕی،دا بزانی کامیان پیاوانە بەزەیی پیادا دێتەوە وتیرۆژێك لە ڕووناکی دەخاتە دڵە ڕەشپۆشەکەی . (ئەم) کۆترە هەستینەیەکی بەسەردا هەڵدا،وەك ئەوەی بڵی هاتوومە لە ناقرگەی ئەم چارەنووسە پەژموردەیەدا فریات کەوم، دەستم بەری بالەنێو ئەم حەشاماتی ناپیاوانە ڕزگارت کەم .
کۆترە هەستینەکەی بە پەلە گەرایەوە
( (بۆهاتیەوە ...؟) )
( (هاتمەوە ..کۆمەڵی کۆترە هەستینەم دی، وەك من هەڵفڕێندرابوون بۆ هەمان مەبەست،کەچی ئەو تەنها کۆترێکەو لەدەلاقەی دڵە پڕ ژانەکەیدا،ئەوێی پی خۆشترە، لە هەڵفڕانی بی ئاکامی) )
ئیدی دڵی ئەم،بی هیوا بوو لەسارایەکی چۆڵ و هۆڵدا خەونەکانی تیا سەوز بنەوە،حەشاماتەکەیش ڕیی ئەوەیان لێ گرتبوو لەنزیکترەوە کۆترە هەستینەکەی بۆ ئاشتی بچرپێنێتە گوێی،دەبوو دەمێکی تر چاوەروان بی، تا دەورو بەری چۆڵتر دەبی،بۆ ئەمەیش بەرەو خوار بۆوە بەو نیازەی کەلەو سەر گەرایەوە،پیاوەتی خۆی دەربخات، لەنێو ئەو هەموو پیاوانەی کۆترەکانیان دەبەر بەرکێان دەناو دوور دەکەوتنەوە .

قەتاری قازو قوڵنگ بەحەواوە بەرەو خۆر هەڵات هەڵدەفرین، ئەمە ناواخنی ئەو تابلۆیەیە کە لە مەزاد خانەکە کڕیبوی، هەر لەو لا دیوارەیشدا هەڵیواسیبوو کە وێنەی خۆی و خێزانەکەی بەسەرەوە بوو. دوو منداڵی چاو گەشی سورو سپی نێو وێنەکە تاراو سارای بوون، هەر بەکاری ماڵئاوایییان لە دونیا کردو،لەگەڵ دایکیاندا بە کارە ساتێکی دڵتەزێن بەرەو ئاسمان رووحیان هەڵفرین. کە گەرایەوە خۆر بە ئەستوونی تینی بەسەر خەڵکەکەدا پەخش دەکردەوە .ئافرەتەکە کەسی بەدیارەوە نەبوو، وەلی هەستی کرد دوو سمۆرەی چاو برسی رووح سرکنی بزێو، لەبێ سێبەری خەریکبون دەسوتان هەڵوێستەکەی ئاڵۆزتر بوو، جاری پێشوو دەیتوانی دەست بەرداری ئەو بەزییە ببی، بەڵام ئەمجارەیان بیری تاراو سارا وایلێکرد هەست بەژیانەوە بکا، دیلانێی چاوەکانی جاری بەلای ئافرەتەکەدا دەهات و جارێکی تر بۆلای شپرزەبوونی ئەو دوو پەپوولەیەی،کەلە سەردەمێکدا لێیان دابڕاو بەهەموو ماڵی دونیاش نەدەهاتنەوە . ئافرەتەکە تەنیا تابلۆیەکی لەشت و مەکەکان مابۆوە، دوای مامەڵە کردن ئەم لێیکڕی. ئافرەتەکە بەپەلە مەزاد خانەکەی جێهێشت و چوون خەیاڵێك بەرەو نادیاری هەڵکشا . (ئەم) واقی ورما وەختە بوو ببی بەبت، کە هاتەوە سەر خۆی،سەر زەنشتی گشت ئەو بەزەیییانەی کرد کە ئاوەتەکانی ئەمیان پووچەڵکردەوە . ڕۆژ بەرۆژ تابلۆکە لەناخیدا شێوازیخەیاڵێکیدووری دەگرتە بەر،هەستی دەکرد ئەو مەلانەی بەئاسمانەوەن،رووحی تاراو ساراو دایکیانە،بەرەو خۆرهەڵات هەڵفڕیون، نزیکن لەسەرزەوی، رۆژی بی بەیەك شاد بنەوە، (راستە ئەم تابلۆیە ژیانەوە دەبەخشی بەرووح، هەڵبەتە رۆژێکیش دی شیرازەمان گری بداتەوە) . لەو رۆژەوە بۆ ئەوەی ئەو دوای شیکارەکەی لەمەڕ تابلۆکەوە بێتە دی لە مەزاد خانەکە مێزێکی بۆخۆی داناوەو چاوەروانە دەور هەلێکی تری بۆ برەخسێنی